ئەگەر یەکێکتان هات بۆ مزگەوت با بڕوانێت؛ ئەگەر بینی نەعلەکەی شتی بۆگەن یان پیسی پێوە بوو، با لەسەری لای بدات (پاکی بکاتەوە) وپێیانەوە (بە نەعلەکانیەوە) نوێژ بکات

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی دەکرد بۆ هاوەڵانی لەناکاو نەعلەکانی داکەند ولە تەنیشتی دایانان، کاتێک خەڵکی ئەمەیان بینی؛ ئەوانیش نەعلەکانیان داکەند، کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژەکەی تەواو کرد، فەرمووی: «چی هۆکار بوو بۆئەوەی نەعلەکانتان دابکەنن؟»، ووتیان: بینیمان نەعلەکانت داکەند؛ بۆیە ئێمەش نەعلەکانمان داکەند، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «جبریل -صلى الله عليه وسلم- هات وپێمی فەرموو کە (نەعلەکانم) شتی بۆگەن -یان پیسی- پێوەیە»، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «وئەگەر یەکێکتان هات بۆ مزگەوت با بڕوانێت؛ ئەگەر بینی نەعلەکەی شتی بۆگەن یان پیسی پێوە بوو، با لەسەری لای بدات (پاکی بکاتەوە) وپێیانەوە (بە نەعلەکانیەوە) نوێژ بکات».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ڕۆژێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ هاوەڵانی دەکرد، پاشان لەناکاو نەعلەکانی داکەند ولە تەنیشتی چەپی دایانان، کاتێک هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ئەمەیان بینی؛ ئەوانیش نەعلەکانیان داکەند وەکو شوێنکەوتنێک بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژەکەی تەواو کرد وئاوڕی دایەوە وبینی لەسەر حاڵەتێکن جیاواز لەو حاڵەتەی نوێژیان پێیەوە دەستپێکرد، وپرسیاری لێیانکرد سەبارەت بە هۆکاری داکەندنی نەعلەکانیان. ئەوانیش وەڵامیان دایەوە، ووتیان:(بینیمان نەعلەکانت داکەند؛ بۆیە ئێمەش نەعلەکانمان داکەند): وەکو شوێنکەوتنێک بۆ تۆ؛ چونکە ئەوان -ڕەزای خوایان لێبێت- گومانیان وابوو حوکمی نوێژکردن بە نەعلەوە هەڵوەشاوەتەوە (نەسخ بووەتەوە)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆکاری داکەندنی نەعلەکانی بۆیان ڕوونکردەوە، فەرمووی: (جبریل -صلى الله عليه وسلم- هات وپێمی فەرموو کە -نەعلەکانم- شتی بۆگەن -یان پیسی- پێوەیە): واتا جبریل -علیه السلام- هات بۆ لای لە کاتی نوێژکردنیدا وپێی ووت کە نەعلەکانی شتی بۆگەن یان پیسی پێوەیە -ئەمە گومانێکە لە لایەن گێڕەرەوەی فەرموودەکە-، پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (وئەگەر یەکێکتان هات بۆ مزگەوت با بڕوانێت؛ ئەگەر بینی نەعلەکەی شتی بۆگەن یان پیسی پێوە بوو، با لەسەری لای بدات -پاکی بکاتەوە- وپێیانەوە -بە نەعلەکانیەوە- نوێژ بکات): ئەگەر یەکێکتان وبستی بچێتە نێو مزگەوتەوە بە نەعلەکانیەوە ونوێژیان پێوە بکات، واجب ئەوەیە سەیر بکات بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوەی شتی پیس وبۆگەنی پێوە نییە، ئەگەر شتی پیسی پێوە بوو ئەوا با مەسحی بکات وبیهێنێت بەسەر خاک وخۆڵی سەر زەوی، بۆئەوەی شتە پیسەکان نەمێنن وپاشان نوێژیان پێوە بکات، وئەمیش مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ هەر دەبێت نوێژ بە نەعلەکانیەوە بکات؛ بەڵکو ئەمە بۆ ئەو کەسەیە کە دەیەوێت بە نەعلەکانیەوە نوێژ بکات؛ دەبێت نەعلەکانی شتی بۆگەن وپیسی پێوە نەبێت وپاک بن، وپاشان ئەگەر وبستی نوێژیان پێوە دەکات، وئەوەی نوێژ بە نەعلەکانیەوە بکات وئاگای لە پیسی سەر نەعلەکەی یان عەمامەکەی یان کڵاوەکەی یان جلەکەی نەبوو، ولە کاتی نوێژدا ئەمەی زانی ئەوا دەبێت یەکسەر دایبکەنێت وبۆ جلەکە ئەگەر جلێکی تری لە ژێرەوە لەبەر بوو کە عەورەتی دادەپۆشی ئەوا دەبێت ئەو جلەی سەرەوە کە پیسی پێوەیە دایبکەنێت وبەو جلەوە نوێژ بکات کە عەورەتی دادەپۆشێت، وبەردەوام دەبێت لە نوێژەکەی ودووبارە کردنەوەی نوێژی لەسەر نییە، وئەگەر نەتوانێت پیسی لەسەر جلەکە لابدات مەگەر پاش دەرکەوتنی عەورەتی نەبێت ئەوا لەم حاڵەتەدا نوێژەکەی دەپچڕێنێت وعەورەتی دادەپۆشێت ونوێژەکەی دووبارە دەکاتەوە.